

ڕووبار شینۆ:

# لە غەریبیدا کاری هونەری سەختە

بە درێژایی مێژوو کاروانی هونەری میللەتی کورد لە بەشی ڕۆژئاوای کوردستان چەندین بەهرەی جوان و دەنگی پڕ لە ڕەسەنایەتی بوونیان هەبووەو بە دەنگ و هونەرەکەیان گوزارشتیان لە خەمی نەتەوەیەک کردووەو لە ڕێگای هونەرەوە هەوڵیانداوە کەلتوور و ڕەسەنایەتی میللەتەکەیان بپارێزن و پەرەی پێ بدەن، جگە لە سروود و گۆرانییە نەتەوەییەکان و ئەڤینداری پاک و بێگەرد، زۆربەی ئەوانەی کە هاتوونەتە نێو بزووتنەوەی هونەر پەیامێکی تایبەتیان پێ بووە، کە ئەویش هۆنینەوەی ئەو گۆرانییانە بووە کە گوزارشتیان لە جوانی سروشت و بوونی نەتەوەیەکی ستەمدیدە کردووە، جگە لەوەش خەڵکی ئەو ناوچەیە هەمیشە هونەری ڕەسەن و پاراستنی فۆلکلۆر بە گرنگی لە قەڵەم دەدەن، چونکە بە بڕوای ئەوان هیچ شتێک بە قەد پاراستنی هونەر پیرۆز نییە، بەتایبەت ئەگەر هونەرێک لە خزمەتی نیشتمان و نەخشەی سەربەخۆیی گەلێکدا بێت.



هو نه ر مه نـد ی

فۆلكلۆرپـەروەر (رووبـار شـینۆ)

تەواوی بەهرە و شـارەزایی هونەریی خۆی خسـتۆتە خزمـەت گۆرانـی فۆلكلۆری كوردی، ئـەو ئەگەرچی وەك پێویست لە میدیاكان دەركەوتنی نییەو ناكەوێتە بەرچاو، بەڵام تـا ئێسـتا چەندیـن بەرهەمـی هونەریـی پێشـكەش كـردووە بـۆ بەرزڕاگرتنی فۆلكلۆری رەسەنی كوردی و پاراستنی لە فەوتان و لەناوچـوون، هەروەهـا تـا ئەو كاتەی لە رۆژئاوای كوردسـتان مابـۆوە چەندیـن جار بـە هـۆی گۆرانییـە فۆلكلۆرییەكانـەوە رووبـەڕووی گرتن و سـزا و ئەشـكەنجەدان بۆتـەوە، بەڵام كۆڵی نـەداوە و بـەردەوام بـووە، بۆیـە لـە سـەردانێكی بـۆ هەولێـری پایتەختی كوردستان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز كرد.

**• سـەرەڕای زۆری بەرهەم و بەشداریكردنت لە ئاهەنگ و بۆنە نیشـتمانی و نەتەوەییەكان، بەڵام دەركەوتنت وەكو پێویسـت نییە، هۆكاری ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بەشـێك لـەو دوورەپەرێزییـە هۆكارەكـەی خۆمـم و دوورم لە میدیـاكان و كەمتەرخەمییەكـە لـە خۆمەوەیـە، چونكە ئەوان بە دوای بەرهەمەكانـی منـدا كەوتـوون و هیـچ كات دەرفەتـم بـۆ رۆژنامەنووس و راگەیاندنكارانی بواری هونەری نەڕەخساندووە تا دڵی خۆمیان بۆ بكەمەوە.

**• لە ماوەی ٣٠ سـاڵی تەمەنی هونەری خۆتدا ئاشـنایەتیت لەگەڵ كام لە هونەرمەندەكاندا زۆر بووە كە سوودت لە هونەری ئەو بینیبێت؟**

- بێگومـان، هونەرمەنـدی گـەورە (بـرادەر) كـە هەمیشـە وەك مامۆسـتایەك هـاوكار و پاڵپشـتی بەرهەمەكانـی مـن بـوو و سـوودی زۆرم لـە هونـەری ئـەو بینیوەو زۆربـەی كاتەكانیش بـە وردی گوێـم لـە بەرهەمەكانـی راگرتووە بۆ ئـەوەی بتوانین لـە رۆژئـاوا بـە یەكـەوە دەنگی هونـەری كـوردی بگەیەنین بە پارچەكانی دیكەی كوردستان.

**• لـە رۆژئـاوای كوردسـتان میللەتـی كـورد تەنانـەت لـە ناسنامەش بێبەش بوون، بۆیە هەمیشە خەباتكار و هونەرمەندانی ئەم پارچەیەش رووبەڕووی نەهامەتی زۆر بوونەتەوەو ئەشكەنجە دروان، بەتایبـەت دوای بڵاوبوونـەوەی سـروودو بەرهەمـە نیشتمانییەكان ئایا رووبەڕووی و رووداوانە بوویتەوە؟**

- بەڵێ، من یەكێكم لەوانەی كە شـەش جار دەسـتگیركراوم و ئەشـكەنجەی زۆرم لە دەسـت رژێمی سـووریا بینیوە، نەك تەنیا منیـش، بەڵكـو زۆربـەی گۆرانیبێژانـی رۆژئاوای كوردسـتان، بەدەست سیاسـەتی ئەو وڵاتە گیرۆدەن و تووشـی ئازاری زۆر هاتوون.

**• كـە وڵاتـت جێهێشـت و رووت لـە هەندەران كـرد، ئەم ژیانە نوێیەت ئاستەنگی بۆ درووست نەكردووی؟**

- من بڕیارم داوە لە هەر كوێیەكی ئەو دنیایە بم، تا دواهەناسە لە خزمەتی هونەری كوردیدا بم و هیچ كات بیر لەوە ناكەمەوە كە دەست لە هونەر هەڵگرم، چونكە هونەر مانای خۆشەویستیم پێدەبەخشێت و بەردەوامی بە ژیانی من دەدات.

**• هونەر لە هەندەران سەختترە، یان لە كوردستان؟**

- بێگومـان لـە هەنـدەران زۆر سـەختترە، بـە جۆرێـك كـە ئێسـتا بـۆ بڵاوكردنـەوەی سـترانێكی نـوێ، دەبێـت من قووتـی منداڵەكانم ببڕم تا بەرهەمێكـی نوێـم لەدایـك بێـت، ئەگەرچی لـە رۆژئاوا ترس و تۆقانـدن هەبـوو، بـەڵام لـە رووی مادییـەوە كاركردن لـە بواری هونەر ئاسانتر بوو.

**• تا ئێستا لە هۆڵەندا هیچ كۆنسێرتێكت ساز كردووە؟**

- حەزدەكـەم ئامـاژە بـەوە بكەم كاك ئەسـعەد عەدۆی هونەرو فۆلكلـۆر دۆسـت یەكێـك بـوو لـەو كەسـانەی لە هۆڵەنـدا زۆر هانیدام كە بەردەوام بم لە كاری هونەری بەتایبەتی فۆلكلۆر و لێرەوە زۆر سوپاسـی دەكەم، جگە لە بەشداریكردن لە كۆنسێرت و ئاهەنگەكان، بەردەوام سـەرقاڵی سـازدانی ئاهەنگ بووین بۆ ئەوەی كوردانی تاراوگە لە دەنگی رۆژئاوا بێبەش نەبن، چونكە كاری ئێمە لەوێدا بەرزڕاگرتنی هونەری خۆمانە.

**• چ دەنگێك هەیە بە مامۆستای هونەری بزانیت؟**

- زۆرن ئەوانـەی بـە مامۆسـتای هونـەری كوردیـان دەزانـم، بەتایبـەت هونەرمەندانـی وەك: برادەر، حەسـەن زیرەك، محەمەد عارف جزراوی، تەحسین تەهاو...هتد.

**• ئەو گۆرانییەی تۆی زیاتر بە خەڵكی ئاشنا كرد چی بوو؟**

- كەڤۆكـی یەكێـك بـوو لـەو گۆرانیانـەی كـە جەماوەرێكـی زۆری بـۆ كۆكردمـەوە و منـی وەك یەكێـك لـە هونەرمەندانـی رۆژئـاوا ناسـاند، كـە دوای منیش چەنـد هونەرمەندێكی دیكە گوتوویانەوە.

**• چیـن ئـەو بەربەسـتانەی كـە تـۆ ناتوانیـت بـە زوویـی بەرهەمەكانت بگەیەنیتە جەماوەرەكەت؟**

- ئەوەیـان خـۆی لە دوو شـتی جیـاوازدا دەبینێت، یەكەمیان نەبوونـی هاوكار و پاڵپشـتی وەك سپۆنسـەر بـۆ كارەكانی ئێمە، دووەمیـان دووری لـە میدیـاكان، چونكـە وەك پێشـووتر ئاماژەم بۆی كرد، ئاسان نییە كە تۆ لە وڵاتی غەریبی بژیت و لەسەر گیرفانـی خـۆت سـاڵانە گۆرانیی نـوێ بڵاوبكەیتـەوە، ئەگەر لایەنێـك لـە پشـتەوەی كارەكانـت نەبێـت، دووریش لـە رۆژنامە و میدیـا هۆكارێكـی دیكەیـە بۆ نەگەیشـتنی دەنگـی ئێمە بە حكومـەت و سـەرمایەداران تـا بتوانن بەرەوپیـری بەرهەمەكانی ئێمە بێن.

**• لە باشووری كوردستان كەس گوێی لە ئازارەكانت گرت؟**

بە سوپاسـێكی زۆرەوە، (د.سالار عوسمان) بریكاری وەزارەتی رۆشـنبیری و لاوان، پێشـوازییەكی گەرمـی لێكـردم و تـەواوی پاڵپشتی وەزارەكەی بۆ دووپات كردمەوە و زۆر بە وردی گوێی لـە ئازارەكانـم گـرت كە لـە ماوەی ٣٠ سـاڵی تەمەنی هونەریم چێشـتوومەو پێـی راگەیانـدم كـە ئیـدی ئـەو وەزارەتـە هەمـوو هـاوكاری و پاڵپشـتیەكی مـاددی و مەعنەوی ئێـوە دەكات كە ساڵانێكە لە رۆژئاوا و هەندەران لە خزمەتی هونەردان.

**بژێوی خۆم دەبڕم بۆ بڵاوكردنەوەی بەرهەمێكی نوێ**

**من یەكێكم لەوانەی كە شەش جار دەستگیركراوم و ئەشكەنجەی زۆرم لە دەست رژێمی سووریا بینیوە، نەك تەنیا منیش، بەڵكو زۆربەی گۆرانیبێژانی رۆژئاوای كوردستان، بەدەست سیاسەتی ئەو وڵاتە گیرۆدەن و تووشی ئازاری زۆر هاتوون**



# قەڵای کەرکوک زوهرە عیشقی لە ئامێز دەگرێت

هەفتەیەک دوای ئەوەی لە ڕۆژی هەینی ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦،تیرۆریستانی داعش، هێرشێکی نەزۆکیان بۆ شاری کەرکوك هێنا و هێرشەکەیان تێکشا، هونەرمەندێکی فارس، زوهرە عیشقی بۆ کاری کلیپەکەی ڕووی لە شاری کەرکوك و قەڵای دێرینی ئەو شارە کرد. بەپێی لێدوانەکەی زوهرە عیشقی بۆیە شاری کەرکوکی هەڵبژاردوە، چونکە هونەر دژی هەموو خوێنڕشتن و توندوتیژییەکە و پەیامی ئاشتی بڵاودەکاتەوە بە پێچەوانەی ئەو تیرۆریستانە کە تەنیا پەیامهێنەری مەرگ و وێرانکارین.

کلیپەکە ناوی هیجرانە و پێشتر لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کراوە. گۆرانییەکە، گۆرانییەکی کۆنی خاتوونی هونەرمەند فەتانە وەلیدییە، کە ئەم هونەرمەندە فارسە نوێ کردۆتەوە و هەر لە شاری سنە شوێنی نیشتەجێبوونی فەتانەی وەلیدی تۆماری کردووە.

گۆرانییەکە لەلایەن فەرشید حیسامی کاری دابەشکردنی ئاواز و ژەنینی سەنتوری بۆ کراوە و هەروەها ئەو هونەرمەندانەی کە بەشداربوون بریتین لە سێ تار: عێرفان میرانی، کەمانچە: حەبیبوڵڵا محەمەدی، کەمان و چەلۆ: بەهرۆز ئاشناگەر، تونبەك و بندیر: ئەفشین خەرامانپور و کاری دەنگ و میکسیش، ستۆدیۆ هارمۆنی.

هەروەها کلیپی هیجران لەسەر قەڵای کەرکوك لەلایەن هونەرمەند بڕوا تەها تەیفور کاری دەرهێنانی بۆ کراوە و لەلایەن ئیمان فەرمان و دانەر هاوار کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە و محەمەد سەفار کاری مۆنتاژ و هونەر دیلۆن وەك بەڕێوەبەری بەرهەم کاریان بۆ کردووە، نەجات بەگزادە و شێروان سیروان کاری ڕووناکی کلیپیان بۆ کردووە و سەید محەمەد کاری فۆتۆی ئەنجام داوە.

بە پێی لێداونی زوهرە عیشقی بەمزانە کلیپی هیجران دەکەوێتە بەر دیدەی بینەران.



# کرێی خانووی شوکران چەندە؟

خانمە ئەکتەری ناسراوی تورك شوکران و جانر ئەرکینی هاوسەری کە ئەستێرەی یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتاڵییە، دوای ئەوەی ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا، ڕوویان لە خانوویەکی نوێ لە ناوچەی ڕۆملی حەساری کرد بۆ ئەوەی لەوێ ژیانی داهاتوویان بەسەر بەرن.

خانووە نوێیەکەی شوکران و ئەرکین لە سێ نهۆم پێکدێت و مانگانە کرێی خانووەکە بریتییە لە ٤٥ هەزار لیرەی تورکی، وەك خۆشەویستیی بۆ یانەی بێشکتاش کە پێشتر ئەرکین یاری بۆ کردووە، تێکڕای خانووەکەی بە هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی ڕازاندۆتەوە کە هەمان ڕەنگی درێسی یانەی ناوبراوە، جگە لە ڕووی دەرەوەی خانووەکەی کەلوپەلی ناوەوەشی بە هەمان ڕەنگە، هەڵبژاردنی ئەم ڕەنگەش لەسەر پێشنیاری خۆی بووە، بەڵام شوکرانیش پێی ڕازی بووە، تەنیا تێچووی ڕازاندنەوەی بەشی ناوەوەی خانووەکەش بڕی ٣٠٠ لیرەی تورکی تێچووە.

شایەنی باسە دوای پێوەندییەکی خۆشەویستی دووردرێژ لە نێوان شوکران و ئەرکین لە مانگی ڕابردوو ئاهەنگی هاوسەرگیرییان گێڕا.






# جوانی لە شکۆمەندیی چیادا

**ئەم جارەشیان کە چوومە بەشی شێوەکاری لە بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی قوتابخانەکان لە هەولێر، هونەرمەند جەوهەر محەمەد عومەر سەرقاڵی کارکردن بوو، بڕێکی زۆر ڕەنگی سپی و بڕێکی کەمتر ڕەنگی شینی بە تەک یەکەوە دانا بوو. لە ئان و ساتی ئەوەدا بوو کە تێکەڵیان بکات و لایەکی تابلۆیەکی بەردەمی خۆی پێ پڕ بکاتەوە. چوونی من، ئەوی لە کار کرد و بە جووتە کەوتینە گفتوگۆیەکی کراوە. لەگەڵ هونەرمەندێکی وەک ئەودا، قسەکردن هەر دەبێ لە بارەی تابلۆ و ڕەنگ و سروشت و هونەرەوە بێت.**

ئەم هونەرمەندە لە کوردستاندا شای نیگاری سروشتە، هێندە لە عەشق و خۆشەویستیی سروشتدا قووڵ بووەتەوە، ئیدی سروشت و چیا لە لای ئەو بوونەتە کانی و کانگایەکی هەمیشەیی بۆ بەخشینی جوانی. ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ:

من شەیدای سروشتم. هەر بۆیە لە سەرەتای ساڵانی هەشتای سەدەی رابردوو کاتێك بووم بە مامۆستا، داوام کرد لە شوێنێکی دوورە دەستدا دامبمەزرێنن. ئەوە بوو چوومە چۆمان، کە دەڤەرێکە خاوەن سروشتێکی دەوڵەمەند و چیاییە. هێندەی نەبرد لە پای شەڕی هەشت ساڵەی ئێران عیراقەوە ناوچەی چۆمان چۆڵ کرا. ئیدی داوام کرد بۆ سیدەکان بگوازرێمەوە. لەوێ سروشتی شاخاوی بە ترۆپکی جوانی دەگات. هێندە لە دیمەنی جوانی چیا بەرز و سەرکەشەکانی ئەو دەڤەرە ورد بوومەوە، بەتایبەت کە خۆم عاشقی چیا و جوانییەکەی ئەوم، دەروونم لێوانلێو بوو لە



جوانیی چیا و دیمەنی دەوڵەمەندی کەژ و کێو، بنار و دۆڵ، لاپاڵ و گوند و کانیاوەکان.

ئەم نیگارکێشە رێچکەی ستایلێکی کوردیی لە هونەری نیگاردا دارشتووە، بە کردەنی ئەو رێچکەیەی گەڵاڵە کردووە و دایمەزراندووە. لە تابلۆکانی ئەودا سروشت کانگایەکی لە بن نەهاتووی جوانییە «هەموو جوانی لە نێو سروشتدا خۆی دەنوێنێ. سروشت کانگای جوانییە، جوانییەکەشی کۆتایی نایەت.» ئەمە قسەی دڵی جەوهەرە، کە پێی وایە جەوهەری جوانی لە سروشت و چیادا خۆی دەنوێنێ.

لە شوێنی کارکردنەکەی لە چالاکیی قوتابخانەکاندا، تابلۆیەك سەرنجی راکێشام. تابلۆیەکی درێژ وێنەی گوندێکی دەیانماڵەی کوردەواری بوو، بە تەرزی کۆنی خانووی لە گڵ و قور دروستکراو. ئەگەرچی ئەو تابلۆیە تا ئەندازەیەك لە ستایل و شێوازی ئەو دوور بوو، بەڵام بە راستی تابلۆیەکی فرە جوان و سەرنجراکێش بوو. وەك روونکردنەوەیەکیش وتی: «بۆ کێشانی وێنەی ئەو گوندە کەسێکی خەڵکی گوندەکە رایسپاردووم. من حەز بەم جۆرە کارە ناکەم، چونکە ئازادیی کارکردنم لێ زەوت دەکات.» من پێم گوت: بەڵام تابلۆیەکی زۆر نایابە، هی ئەوەیە شانازیی پێوە بکەیت. ئەو بەرسڤی دامەوە: «زۆر جار رووی ئەم جۆرە کارکردنەم لێ دەنێن، بەڵام لەبەر ئەوەی دەیانەوێ دەقاودەق وێنەکە چۆنە، من هەمان شت دووبارە بکەمەوە، لێم خۆش نایەت. خۆ ئەگەر ئازادیی کارکردنم بدەنێ، من شتێ جوانتریان بۆ دروست دەکەم، بەڵام بەو جۆرەی کە دیمەنی فۆتۆ وەك خۆی بگوازمەوە سەر تابلۆ، زۆر نارەحەت دەبم.»

ئەم نیگارکێشەی کوردستان کە بە زۆری بە رۆن رەنگ لە سەر کانڤاس کاردەکات، تا ئێستا بە دەیان تابلۆی لە لایەن بیانییەکانەوە کردراون، یان بە دیاری پێیان دراوە، بەم جۆرە تابلۆکانی ئەو چوونەتە چەندین وڵات لە کیشوەرانی جیاجیای جیهان. سەدان تابلۆشی لە نێو ماڵانی خەڵکی کوردستاندا هەیە. لەم رووەوە جەوهەری نیگارکێش دەڵێ: «کردوومەتە نەریت، بۆ کەسێك لە خزم و کەسان کە تازە ژن دەهێنێ، یان ماڵباتێك تازە منداڵان بووە، من تابلۆیەکیان بە دیاری بۆ دەبەم. منداڵەکانم سەبارەت بەم کارەم بەرهەڵستن، ئەوان دەڵێن ئێمە خاوەنی بەرهەمەکانی تۆین، قبوولمان نییە بەم جۆرە تەخشان و پەخشانیان بکەیت.»

بیرۆکەی ئەوەم لەگەڵ ئەم شانیگارکێشەی سروشتی کوردستاندا خستەروو، کە پێویستە چەند شاگردێکی هەبێت تا رێچکەی هونەرەکەی ئەو درێژە پێ بدەن. لەم بارەیەوە گوتی: «من بەرانبەر بە هەموو کەس دەستواڵام، حەزدەکەم سوود لە شێواز و تەکنیکی کارکردنی من وەربگرن، تەنانەت بە ئاشکرا و لە بەردەمی هەموو کەسێکدا کاردەکەم. تا ئێستا چەند هونەرمەندێك هاتوون بەو پەری دڵفراوانییەوە رێنماییم پێ داون و فێرە تەکنیك و شێوازی کارکردنی خۆمم کردوون.»

ژینگەی سروشتی کوردستان تەژییە لە جوانی، چاوگێکی یەکجار دەوڵەمەندە بۆ کەسانی جوانیخوازو جوانیپەرست. هیچ هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد نییە دیمەنی سر و شتی نە کر د بێتە تا بلۆ ، سە نگی هونە رە کە ی جە و هە ر ی نیگا ر کێش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەو خۆی بۆ سروشت تەرخان کردووە. ئەم خۆ تەرخانکردنەش پایەی کارکردنی ئەوی لە دنیای جوانیی سروشت و لایەنە شاراوەکانی سیحر و وردەکاریی جوانیی سروشت بەرز کردووەتەوە، رێی پێ داوە تەلیسمی جوانیی نێو سروشت بدۆزێتەوە، زۆر کارامانەش ئەو سیحرو جوانییە دەکاتە گوتارێکی دامەزراوی دیدەیی.

درێژەدان بە ستایلی کارکردنی ئەم نیگارکێشە لەلایەن دەستەیەك لە شاگردانی ئەوەوە، رێ خۆش دەکات بۆ گەڵاڵەبوون و خەملینی شێواز، یان رێبازێکی هونەریی تایبەت بە کوردستان. هەڵبەت رەگەزەکانی ئەو رێبازە بریتین لە تۆپۆگرافیای سروشتی کوردستان و دەڤەری گوندەواری نێو چیا و شاخەکانی وڵات، بە تێکهەڵکێش لەگەڵ تەکنیکی تایبەتمەندی جەوهەری نیگارکێش، کە بە بڕوای من ئەم هونەرمەندە لە پاش دەیان ساڵ لە کارکردن، گەیشتووەتە ئاستی گەڵاڵەکردنی رێچکەیەکی تایبەتیی نیگار.

ئا/ تاریق کارێزی